## سامی شۆڕش و Cecilia Stegö Chilò ... کاوە ئەمین



لە ٢٠٠٦/٩/١٧ لە هەڵبژاردنی پەڕلەمانی سوێددا، بەرەی موحافەزەکارەکان (لە چوار پارتی موحافەزەکار پێکهاتووە) بە سەرۆکایەتی فرێدریک ڕاینفێلدت سەرۆکی پارتی مۆدێرات توانیان بەسەر بلۆکی سۆسیالدیموکراتەکان و دوو پارتی دەستەخوشکیدا، سەربکەوێت و حوکوومەتی سوید تا ساڵی ٢٠١٠ ئەگەر گۆرانکاری ڕوونەدات لە لایەن ئەو چوار پارتەوە بەڕێوەدەبرێت. بەدبەختی سەرۆک وەزیرانی نوێی سوێد لە وەدا بوو کە هێشتا دوو ڕۆژ بەسەر مانگی هەنگوینی دەستەڵاتیدا تێنەپەڕیبوو، سێ لە وەزیرەکانی لە لایەن ڕۆژنامەکانی سوێدەوە لێیان کرا بە هەڵا و کردنینان بە پەڕۆیی بێ نوێژی. دوای ئەوەی کە دەرکەوت ئەو سێ وەزیرە پارەی خزمەتگوزاری رادیۆ و تەلەفیزیۆنیان نەداوە کە بەپێی یاسا دەبیت هەرماڵیک تەلەفیزیۆن لە ماڵەکەیدا هەبێت بە چوار مانگ جارێک دەبێت میقدارێکی دیاریکراو پارە بدات، دیارە ئەو پارەیە بۆ هەموو کەسێک وەک یەکە و ساڵانە نزیکەی دوو سەد دۆلارێک دەبێت. یەک لەوانە سێسیلیا خان بوو کە شەرەفی وەرگرتنی پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری پێ بڕا. لە ماوەی یەک هەفتەدا دوو لەو وەزیرانە کە یەکێکیان وەزیری ڕۆشنبیرییە ناچارکران بە خۆشی خۆیان دەست لە کارەکەیان بکێشنەوە، ئاخر ڕای گشتی سوێد کارێکیان پێ نەکردن کە ڕوویان بێت لە حزووری میللەتدا، بە چاو شۆڕیی خۆیان ببیننەوە. ئەوەیە شازیی دیموکراتی کە دەکرێت گەل شانازیی پێوە بکات.

هەروەک لە سەردێڕی ئەم وتارەشدا دەردەکەوێت، مەبەست لە ناوهێنانی سامی شۆڕش، وەزیری ڕۆشنبیری حوکوومەتی باشووری کوردستان (ئیدارەی هەولێری جاران) و بەراوردکردنی لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیری سوێد کە تەنها یەک هەفتە کورسییەکەی بەنسیب بوو، لە خۆڕا نییە. لای زۆرێک لە هاووڵاتیانی کوردستان و داو دەزگاکانی حوکوومەت شاراوە نییە کە سامی شۆڕش پارەیەکی زۆری خەڵکی کوردستانی لوشداوە، وەک دەزانرێت سامی شۆڕش چاپخانەیەکی کڕیوە لە ئەڵمانیا وەک باس دەکرێت بە چەند سەد هەزار دۆلارێک بەڵام ئەو چاپخانەیە ئێستاشی لەگەڵ دابێت وشەیەکی کوردیی پێ چاپ نەکراوە، ئاخر مەگەر تەنها سامی شۆڕش بزانێت بیخاتە ئیش. سەرەرایی ئەو گاندەڵکارییە سامی شۆڕش تا دوا چرکەکانی کۆتایی (حوکوومەتەکەی پارتی لە هەولێر) وەک وەزیر مایەوە و کەسێک پێی نەوت بە چ هەقێک ئەو هەموو پارەیەت کردە ئاوەوە! کە باسی دیموکراتیش دەکرێت لە کوردستان دەڵێی یەکەم جار ئەو سیستەمە لە باشووری کوردستانەوە دەستی پێکردووە و پاشان دونیایی تەنیوەتەوە. سامی شۆڕش ئەوە هیچ ئەگەر لە وڵاتێکی وەک سوێد بوایە و دەیان کتێبیشی لەسەر مەلیکی سوێد بنووسیایە نەدەبووە وەزیر، خۆ ئەگەر بشبوایە بە وەزیر ئەوا ڕۆژنامەکان کارێکیان پێدەکرد لەپای ئەو چاپخانە دەستی دووەی کە ئەوانەشی دروستیان کردووە ناتوانن کاری پێ بکەن، ئەگەر ئێرانی وتەنی خودکوژیشی نەکردایە ئەوا بێگومان سەری خۆی هەڵدەگرت و دەچووە شوێنێک کەس نەیناسێتەوە. کەچی لە کاولە وتەنەکەی ئێمەدا، ئەوەی زیاتر دزی بکات زیاتر پلەو پایەیی پێ دەدرێت.

ئەو پارەیەیی کە ئەو سێ وەزیرە بەڕێزەی سوێد خۆیان لە دانی شاردۆتەوە بە هەمووی ناکاتە (چوار پێنج هەزار دۆلار) بەڵام چونکە سیستەمێک هەیە لەم وڵاتەو یاسا سەروەرە، بە حەیایی خۆیانەوە دوانیان چونەوە ماڵی خۆیان و ئەگەر هەڵمەتی ڕۆژنامەکان هەر بەردەوام بێت ئەوا وەزیری سێهەمیش ڕێچکەی ئەوان دەگرێت. بەڵام لە کوردستان نەک دزی پارە بەڵکو بە بەڵگەوەو بە دەستوخەتی خۆیان، چەندین وەزیر و بەرپرس و ئەندام پەرلەمان تا ڕووخانی بەعسیش، ئیمزیان بۆ سیخوڕی کردن کردووە و کەس لە گوڵ کاڵتریان پێ ناڵێت. بەڵام ئەگەر کەسێک ڕەخنەیەک یانیش سووکە گلەییەک بکات، یەکسەر مۆری دژە تەبایی بوون و ئاشتبوونەوە و هەزار قسەی هەرزانی لەو بابەتەی بۆ هەڵدەبەستن.
حوکوومەتی باشووری کوردستان ئەگەر خۆی بە نوێنەری خەڵکی ئەو پارچەیەیی کوردستان دەزانێت دەبێت بەسەرجەم کاروچالاکیەکانی رابردویدا بچێتەوە و هەموو ئەوانەی کە پارەو سەروەت و سامانی ئەو گەلەیان بەفیڕۆ داوە دادگایی بکات و پارەکان بگەڕێننەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت لە پێش هەمووشیانەوە سامی شۆڕش. دەنا با چیتر باسی دیموکراسی و شۆڕش نەکەن و بەبێ دەنگی ئەوەی ماوە بیخۆن، بەڵام با دڵ لە دڵ نەدەن، مێژوو هەموو کارو کردەوەیەکی چاک و خراپ دەنوسێتەوە و وەک دەشڵێن ڕوحم بەکەس ناکات، خوا بکات وابێت.